# هەڵسەنگاندنێک بۆ کارو خەباتی هونەری هــ

**ڕەنگە هەرچییەک بۆ ناساندنی هونەرمەند ئەحمەد سالار بڵێین، نەتوانین مافی خۆی پێبدەین یان نەتوانین باسی مەزنییەتی ئەو هونەرمەندە بکەین، چونکە کەسێک کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردنی شانۆی کوردی تەرخان کردبێت ڕەنگە بە ئاسانی وەسف نەکرێ، بەڵام لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا بە پێویستمان زانی هەڵسەنگاندنێک بۆ کارەکانی بکەین و رای چەند کەسێکی شارەزا لەو بوارە وەربگرین، بۆ ئەوەی بەو پەڕی ئازادییەوە دیدو بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە هونەرمەندی گەورە ئەحمەد سالار بخەنە روو.**



### ئەحمەد سالار یەکێکە لە پێشڕەوانی شانۆی کوردی

هونەرمەند بورهان قەرەداغی بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە سلێمانی ووتی» ئەحمەد سالار یەکێکە لەو هونەرمەندە پێشڕەوانەی شانۆی کوردی کە دەکرێت ئێمە شانازیان پێوە بکەین. جگە لەوەی ئەحمەد سالار وەکو ئەکتەرێك یان دەست پێشخەریەك لەشانۆی کوردی دەرکەوتووە دیارە لە واری نووسین و توێژینەوەی شانۆیی دەستێکی باڵای هەبووە خزمەتێکی کردووە بە ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی کوردی. لەسەردەمانێکدا گەنجان و قوتابیانی پەیمانگاکان لە ڕێگای پەرتوکەکانی ئەوەوە وەکو سەرچاوەی بەپێز سوودیان لێوەردەگرت. ئەحمەد سالار لە ساڵانی هەشتەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی لەشانۆی کەلەپووری ئاهەنگ سازی گێڕاوە، بەوتەی پێشڕەوانی شانۆکارانی عێراق، ئەحمەد سالار ستایلێکی جیاوازی هەبووە. پڕۆژەکانی گەڕان بووە بەدوای ناسنامەیەکی کەلەپووری نەتەوەیی.

### ئەحەمەد سالار لەچەند ڕوویەکەوە بەهرەدارە

هونەرمەد هیوا سوعاد دەڵێت « ئەحمەد سالار لەچەند روویەکەوە بەهرەدارە، لە رووی نووسین و ئەکتەری و دەرهێنانەوە توانای هەیە و هەوڵیداوە ڕێچکەیەکی تایبەت بۆخۆی دابنێت. ئەمەش بەسوود وەرگرتن لەچەند ڕێبازێکی شانۆیی و چەند دیاردەیەکی شانۆی توانیویەتی سوود لەکەلەپووری کوردی وەربگرێت. جۆرە تایبەتییەك بەنووسینەکانی بدات.

ئەحەمەد سالار هەم کاری هونەری و هەم کاری کلاسیکی کردووە و هەمیشە لە کارەکانی سەرکەوتوو بووە، هونەرمەندێکە هەمیشە بەدوای نوێبوونەوەدایە، گەر سەیر بکەین لەکاری هونەری وەکو گەنجێك بەخششی هەیە. ئەو وەکو هونەرمەندێکە موڵکی کوردە وەکو کاری هونەریش هەروابێت نەوەکو خۆی لەچوارچێوەی تێپێکدا یان ڕێکخراوێکدا کارەکانی سنووردار بکات. ئێمە هەمیشە شانازیمان پێوە کردووە و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

### حەق وانییە ئەحمەد سالار لەهەموو کارێکی هونەری بەشداری بکات

لەلایەن خۆیەوە هونەرمەند جیهاد دڵپاك وتی» ئەحمەد سالار یەکێکە لەوهونەرمەندانەی کە لە بواری شانۆ توانیویەتی جێگای پەنجەی دیار بێت. ئەحمەد سالار چ وەکو ئەکتەر یان دەرهێنەر سەرکەتوو بووە لە کارەکانی، جگە لەم کارانەشی وەکو نووسینی شانۆیش وەکو نووسەرێك چەند بەرهەمێکی شانۆی بڵاوکردۆتەوە، توانیویەتی توانای خۆی بسەلمێنێت کە لە بواری شانۆدا نووسەرێکی بەتوانایە، هەروەها وەکو مامۆستایەك لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان توانیویەتی کۆمەڵێك هونەرمەند دروست بکات. ئێستا کۆمەڵێك هونەرمەند هەن کە لاسایی ئەحمەد سالار دەکەنەوە. بەڕای من کارێکی خراپ دەکەن، چونکە ئەم ستایلە تایبەتە بە ئەحمەد سالار هەر کەسێك لاسایی ئەو بکاتەوە زەرەر بەخۆی دەگەیەنێت. ئەحمەد سالار لە شانۆی نالی و خەونێکی ئەرخەوانی توانی سوودێکی زۆر لە شانۆی مەغریبیەکان وەربگرێت، بەڵام لاسایی ئەوانی نەکردەوە و هات ستایلێکی بۆ خۆی دروست کرد. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەحمەد سالار هونەرمەندێکی گەورەی کوردە و ئێستا ناوێکی بۆخۆی دروست کردووە حەق وانییە لە هەموو کارێکدا بەشداری بکات، چونکە ئەحمەد سالار ئێستا بوونی خۆی سەلماندوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، چونکە بەراستی دواتر لەو ئاستە هونەرییەی خۆی دادەبەزێنێت.

### ئەحمەد سالار ئەکتەرێکی شانۆییە

حەیدەر عەبدولڕەحمان شارەزا لەبواری نووسین و ڕەخنەدا وتی « ئەگەر بمانەوێت باس لە ئەحمەد سالار بکەین، رەنگە دەرەقەتی ئەوە نەیەین لە دەرفەتێکی ئاوا تەسکو تریك و بێ مەودادا توانست و بەخششی ئەو پیاوە شانۆکارە بکەین، چونکە هەر قۆناغێك لە ژیانی هونەری ئەودا لە ئاستێك دایەو هەر لایەنێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، من هەمیشە وەك ئەکتەرێکی شانۆیی ئەحمەد سالار دەبینم، چونکە پێهکاتەکانی ئەکتەری شانۆیی لە جەستەو رۆحی ئەو پیاوەدا بەدی دەکەم، کە رەنگە ئەو تایبەتمەندی و ستایلەی هەیەتی، لە کەم ئەکتەری تردا ببینم، چونکە من لەو بڕوایەدام ئەو ئەکتەرەی لە شانۆگەرییەکی مۆلێردا بەرجەستەی پیسکەی تەڕپیری کردووە،

# ـــونەرمەند ئەحمەد سالار

وەك ئەحمەد سالار دەرەقەتی کەسایەتییەکە هاتووە، یان لە جەنابی موفەتیشـــدا وەك ئەحمەد ســـالار کەســـایەتی قائیمقامی رەسم کردووە، بەڵام ئەوەی باســـی دەکەم لە دراما یا ســـینەمادا شتێکی ترە، قەت ئاواتم نەبووە ئەحمەد سالار لە دراماڎا ببینم، چونکە هەســـتم کردووە ئەو ئەکتەرەی لە شاشەدا دەیبینم ئەوە نییە کە لە سەر تەختەی شانۆدا هەیە، رەنگە سالارخۆشـــی لە ناخی خۆیـــدا درکی بەو راستییە کردووە کە لەسەر شانۆ دەسەڵاتی زێتری بە سەر خۆیدا دەشکێ و ئازادی زێتر بۆ تەقاندنەوەی تواناکانی لە ســـەر شانۆدا بۆ فەراهەم دەبێت، من وای دەبینم کە هەتا لە خودی شانۆشدا، جیاوازی دەبینم لە نواندنی ســـالاردا لە شـــانۆی کلاسیکی لەگەڵ شانۆی تەعبیری یان ئاهەنگسازی، یان لە نێوان شانۆی کۆمیدی، یان تراژیدی، بە تێروانین و پێداچوونـــەوە بەو ئەزموونانەی ئەحمەد ســـالار هەیبـــووە لەو جۆرە شـــانۆییانەدا، ئەوا رەنگە درك بە جیاوازییەکە بکەین و بەر لە هەموو شتێك بڵێین ئەحمەد ســـالار ئەکتەرێکی کۆمێدی سەرکەوتووە. ئێســـتاش کـــە زۆر جـــاران ئەحمـــەد ســـالار لە شانۆگەرییەکی ئاهەنگسازی، یا شانۆگەرییەکی کوردی تەعبیری، یا وەك نووســـەرێکی شـــانۆیی دەبینم، ئاواتی ئەوە دەخوازم جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر شانۆی کلاسیکی شکســـپیری و مۆلێری و چیخۆف، لەوێـــدا وەك ئەکتەر ببینمـــەوە، چونکە وا هەســـت دەکەم توخمەکانـــی داهێنان لە ئەحمەد ســـالاردا لەوێوە دەرەخسێن و سەر هەڵدەدەن، نەك لە دووبارە کردنەوەی شانۆگەرییە ئاهەنگسازییەکانی و نووسینی تێکستی شانۆگەرییەکانی خۆی، کە من پێموایە رەنگە ئیدی زێدەکارییەك نەخەنە سەر توانســـتی هونەری ئەحمەد سالار ئەگەر کەمی نەکەنەوە . لەو قۆناغەدا ئەحمەد سالار پێویستی بەوە هەیە سانســـۆرێکی وردتر بخاتە سەر ئەوەی پێشکەشـــی دەکات، پتـــر نیگـــەران بێت لەوەی دەیخاتە روو، کە پێموایە هێشـــتا دەرفەت لە بارەو ئەو تەمەنەش چێژو تـــام و بەرامی خۆیان هەیە ئەگەر ئەحمەد ســـالار بیەوێـــت رۆژانی زێرینی تەمەنی هونـــەری خۆی بگێڕێتەوە، هەتا ئەگەر بە چەند شانۆگەرییەکیش بێت، دوای ئەوە ئیدی بریار دەکەوێتە دەست مامۆستا سالار خۆی.

**کاری سیاسی ماوەیەکی زۆر ئەحمەد سالاری لەکاری هونەری دووورخستەوە**

هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی وتی» بۆ ٤٠ساڵە بێت من خوێنـــدکاری ئەو هونەرمەندەم لەلایەکی تریشـــەوە لەنزیکەوە ئـــاگاداری پرۆژەکانی ئەو هونەرمەندەم جا چ پرۆژە شانۆییەکانی چ پرۆژە رۆشنبیرییەکانی. لە ســـەرەتای حەفتاکان زۆر سەرســـامی کارەکانی ئەو بووم. کاتێك لە ساڵی ١٩٧٥ کاتێك بووم بەئەندام لەتیپی شانۆی کوردی تاکو ئێســـتا هەربەردەوامـــم لەکارەکانم، هەروەها تیپی شانۆ سالار لەگەڵیان بووم تاکو ئێستا. تەنیا سەرنجم لەســـەر مامۆستای خۆم ئەوەیە هیوادار بووم چ مامۆستا سالار چ هونەرمەندانی تر تەنیا تەرخان بن بۆ هونەرو رۆشنبیری وابزانم سیاسەت ماوەیەك کاتەکانی داگیر کرد بە بڕوای من ئێستا خۆ شی وابیر دەکاتەوە. ئەگەر هونەرمەند خۆیان بە سیاسەت نمایش بکەن ئەوا لە کاراکتەری هونەری دادەبەزێت. من شـــانازیی بە ئەحمەد سالار دەکەم تەمنانـــەت بەکێك لە پەرتووکەکانم پێشـــکەش بە ئەحمەد سالار کردووە.

**حەق وایە نووسینەکانی ئەحمەد سالار وەربگێڕدرێن بۆ سەر زمانی بیانی**

دکتۆر ئیبراهیم ســـمۆ شارەزا و پسپۆر لە بواری شـــانۆ دەڵێ» ئـــەو کارانەی ئەحمەد ســـالار کردوویەتـــی جـــا چ لایەنی نووســـین بێت یان دەرهێنان بێت یان ئەکتەری بێت، کارێکی قورسە دەبێـــت ئێمە رێـــزی لێبگریـــن لەبەرهەمەکانیدا توانیویەتی باس لە کێشـــەکانی کورد بکات وەکو نووسەرێکی شانۆیی توانیویەتی کێشەکانی کورد بە هەمووجیهان بگەیەنێت. نووسینەکانی ئەحمەد ســـالار لەنالی و خەوێکـــی ئەرخەوانی و بەڕای من وەکو شۆڕشـــێك بوو لەکاتێك پێشـــکەش کرا لەناو جەرگی رژێمێکی گۆڕ بەگۆڕچوو. حەق وایە نووســـینەکانی ئەحمەد ســـالار وەربگێڕدرێن بۆ ســـەر زمانی بیانی ئەو کات بەهای ئەحمەد ســـالار دەزانن. چونکە ئەحمەد سالار تاکو ئێستا بەو تەمەنەوە خزمەتی شـــانۆی هونەری کوردی دەکات.

**ئەحمەد سالار هەمیشە کاریگەری هەبووە لەسەر نەوەی تازە لەکاری هونەری**

کارۆخ ئیبراهیـــم حەکیـــم شـــانۆکار وتـــی: هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەحمەد سالار تەنیا بە وشەیەك نابێت، چونکە دەبێت بگەڕێیەوە مێژووی ئەو کەڵە هونەرمەندەی بۆتە هێمایەك بۆ شانۆ لە کوردستان. سالار بەمانای مانەوە دێت کە خۆی لە کۆمەڵێك کارداوە ئەستەم یان ئاسان نییە ئەوەی لە ئەحمەد سالار دەبینرێت هەمیشە بەشدار بووە، لەگەڵ هەموو نەوەیەك جا بە قەڵەمێکی باش یان خراپ .ئەحمەد ســـالار لەکۆمەڵێك کاردا دەستی هەبووە وەکو کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دواتریش بەردەوام بوونی لە کارەکانی بەشێوەیەکی ئەکادیمی. ئەو تەنیـــا وەکو هونەرمەندێك کاری نەکردووە کە بمێنێتەوە لەمێژووی شانۆی کوردی، بەڵکـــو هەوڵیداوە هەموو ئـــەو بابەتانەی خۆی نەوەکانی دوای ئەویش ســـوودی لێ ببینن، بۆیە من هەمیشـــە ســـەرکەوتن لەکارەکانیدا دەبینم. هەمیشـــە ئەحمەد سالارکاریگەری هەبووە لەسەر نەوەی تازە کە وەکو ئەو کار بکەن کە تاکو ئێستا بەو تەمەنەوە بەردەوامە لەکاری شانۆی.


**ئا: روشنا عومەر**











## هاوسەری سارکۆزی چوارەم ئەلبوومی بڵاو دەکاتەوە



کارلا بۆرنی هاوسەری سەرۆکی فەرەنسا خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی چوارەم ئەلبوومی خۆی. پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە کارل ئەم ئەلبوومەی لە ستۆدیۆیەکی لۆس ئەنجلۆس تۆمار دەکات، بەڵام بەڕێوەبەری کارەکانی کارلا ڕایگەیاند کە بەرهەمەکەی لە پاریس تۆمار دەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا کاتی بڵاوکردنەوەی دیاری نەکراوە.

شایەنی گوتنە کارلا کە پێشتر نمایشکاری جلوبەرگ بووە لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بە کاری هونەری کردووە بە ئەلبوومی (یەکێکیان پێی گوتم) و ئەو کات سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا لەلایەن جەماوەر و ڕەخنەگرانەوە و ١,٢ ملیۆن دانەی لەفەرەنسا و ٨٠٠ هەزاریشی لە دەرەوەی فەرەنسا فرۆشران.

## بەرهەمەکەی زیاد ئەسعەد بەچی گەیشت؟

ماوەیەك بەر لە ئێستا هونەرمەند زیاد ئەسعەد دڵی جەماوەر و هەوادارنی خۆی خۆش کرد بەوەی کە سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێیە و کارەکانی قۆناغێکی باشیان بڕیوە.



هەر بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ساز کرا، کە خودی هونەرمەند زیاد ئەسعەد ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆن بەشداری تێدا کرد و مۆژدەی ئەوەی بە شەیدایانی دەنگی خۆی دا کە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەم ئەلبوومە نوێیەی دوای چەندین ساڵ بێدەنگی بڵاودەبێتەوە و یەکێك دەبێت لە بەرهەمە جیاوازەکان بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی پێشووتری، بەڵام ئەو کاتەی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی دیاریکردبوو تێپەڕی، کەچی تا ئێستا هیچ شتێك بەدی ناکرێت کە ئەم بەرهەمە قۆناغێکی باشی بڕی بێت یاخود وادەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی و خۆش کردنی دڵی جەماوەر، بۆیە جەماوەر و ئێمەش مافی خۆمانە بپرسین ئەم بەرهەمە کەی دێتە بوون؟ ئایا هیچ ئاستەنگ و گرفتێکی وا هەیە کە تا ئێستا دوابکەوێت، چونکە ئەو کەسانەی کە هاوکاری هونەرمەند زیاد ئەسعەد دەکەن لەلایەنی تەکنیکی و ڕاگەیاندندا کەسانی بە توانا و دڵسۆزن و جێی پەنجەیان دیارە.

## جۆلیا شاژنێکی شەڕخوازە لە بەرگێکی سپیدا



# رەهف نازناوی شاجوان لە سەرۆکایەتی لوبنان کەمتر نییە

رەهف عەبدوڵڵا بە رێکەوت بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی لوبنان کرد و قەت بە خەیاڵیدا نەدەهات کە بتوانێت نازناوەکە بەدەست بهێنێت، بەڵام نازناوەکەی بەدەستهێنا.
دەربارەی نازناوەکە دەڵێ: پێموایە نازناوی شاجوانی لوبنان پەیامێکی نیشتمانییە کە چوارچێوەی جوانی دەبەزێنێت و رێگا خۆشکەرە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لەسەر هەموو ئاستەکان، بۆ منیش چێژ و خۆشیەکی تایبەتی هەیە، چونکە من تەنانەت بە خەونیش بیرم لەم نازناوە نەدەکردەوە و پێموایە دەتوانم لەرێگای ئەم نازناوە ناوی وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە و خزمەتێکی زۆریشی پێ بگەیەنم لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا و جوانییەکەم دەخەمە خزمەتی وڵاتەکەمەوە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کاتێك سەردانی چەند وڵاتێکم کرد بۆم دەرکەوت کە نازناوی شاجوانی لوبنان هیچ کەمتر نییە لە پۆستی سەرۆك کۆماری لوبنان.



# نارینا کوردی خۆشحاڵە بە کلیپی (ناز مەکە)

کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان (نارینا کوردی) لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان رایگەیاند کەوا ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ وێنەگرتنی کلیپێکی نوێ بەناوی (تە بو دلێ من وەلێکر) کە لە هۆنراوە و ئاوازی هونەرمەندی لاو زانا جەبەلییە.
نارینا هەروەها وتی: بە نیازم بۆ جەژنی نەورۆز کلیپێکی تایبەت بە جەژنی نەورۆز بڵاو بکەمەوە ئەمە جگە لەوەی بەرهەمێکم ئامادەیە کە لە تورکیا کاری بۆ کراوە، سەبارەت بە گۆرانی (ناز مەکە) کە دیۆیەك بوو لەگەڵ هونەرمەند عەزیز وەیسی نارینا گوتی: من زۆر لەو کلیپە رازیم و پێموایە زۆریش سەرکەوتوو بوو، چونکە هونەرمەند عەزیز وەیسی یەکێکە لە هونەرمەندە بەڕێز و خۆشەویستەکان لای جەماوەر بۆیە من زۆر لەو گۆرانییە رازی بووم.



خانمە ئەکتەری بەناوبانگی هۆڵیۆد لە فیلمێکی نوێدا رۆڵی شاژنێکی شەڕخواز و بەد دەبینێت دەربارەی کەسایەتییەکی خەیاڵی بەناوی (سپییەتی بەفر)، لەم بارەیەوە رۆژنامەی (إنترتاینمنت ویکلی)ی ئەمریکی هەواڵەکەی پشتراستکردەوە.
کۆمپانیای (ریلاتیفتی) گرنگییەکی زۆر بە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە دەدات کە بڕیار وایە لە مانگی نیسانی داهاتوودا دەست پێبکات، لەم بارەیەوە راین کاڤانۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئیدارەی (ریلاتیفتی) رایگەیاند: ئێمە جۆلیامان هەڵبژاردووە، چونکە بە ئەفسانەیەکی دەزانین و دڵنیاین کە بە شێوازی تایبەتی خۆی رۆڵەکە دەبینێت و تێیدا سەرکەوتوو دەبێت. شایەنی گوتنە فیلمێکی دیکە بەناوی (سپییەتی بەفر و راوچی) لە قۆناغی ئامادەکاریدایە بۆ وێنەگرتن و چاوەڕوان دەکرێت کریستین ستیوارت رۆڵی (بەفری سپی) تێدا ببینێت و چارلز تیرۆن رۆڵی شاژنە شەڕخوازەکە دەبینێت.





### هونەرمەند حەسن شەریف بۆ گوڵان:

# پێویستە هونەرمەند هونەری خۆی بە پاکی رابگرێت

**دوای ئەوەی رێژەیەکی بەرچاو لە بەرهەمەکانی هونەرمەند حەسەن شەریف کۆپی کرا و بەردەوام کەسانێک هەن مافی هونەرمەندان پێشێل دەکەن، حەسەن شەریف بڕیاری نەداوە بەرهەمێکی نوێی خۆی تەواو بکات و هیچ کاتێکی دیاری نەکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی. لەم دیمانەیەدا هونەرمەند حەسەن شەریف تیشک دەخاتە سەر ئەم بەرهەمە وچەند لایەنێکی دیکەی تایبەت بە هونەری کوردی.**

*** با لە دوایین کاری بەرپێزتانەوە دەست پێبکەین؟**

- ئەلبوومێکی نوێم لەبەر دەستە، بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە کەی تەواوی بکەم ئەویش بە هۆی بەردەوام بوونی ئەو کەموکوڕییەی ئێستا هەیە و خۆی لە پێشێل کردنی مافی هونەرمەنداندا دەبینێتەوە. هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ دڵساردبوونم لەو کارە، ئەگەرچی ئەلبوومێکی زۆر باشم لەبەردەستدایە و نیازی ئەوەم هەبوو لە مانگی ٥ یان ٦ ی ئەمساڵ بڵاوی بکەمەوە.

***ئەو گرفتە تاکەی بەردەوام دەبێت؟**

- بێگومان وشیار بوون و رێکخستنێکی تەواوی و دڵسۆزانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کەسانەی کە دانراون بۆ بەدواداچوون لە چارەسەر کردنی ئەو گرفتە، مخابن لەسەر کاغەز ئەم شتە بوونی هەیە و زۆریش هاوارمان کرد کە ئەمە بە یاسا چارەسەر بکەین، بەداخەوە هاواری ئێمە نەگەیشتە هیچ شوێنێك و لەو باوەڕەدام ئەم گرفتە زۆری دەوێ، چونکە وڵاتانی دەورووبەری ئێمە کە چەندین ساڵە بەر لە ئێمەش خاوەن دەوڵەت بوون هەمان گرفتیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەك کەمتر لە ئێمە.

یەکێك لە خاڵە هەر لاوازەکان لەلای ئێمەوە کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، لەجیاتی ئەوەی تۆمارگایەك چەند سەد دانەیەك لە بەرهەمەکان کۆپی بکات وبیفرۆشێت، لە هەندێك دەروازەی کوردستان بە بڕی ٢٠-٣٠ هەزار دانە کۆپی دەکرێن و لە رێگای شاحینەوە دەیهێننە کوردستان، مەبەستم ئەوەیە لە وڵاتانی دەورووبەر ئەگەر کۆپیش هەبێت ئەوا کارێکی ناوخۆییە، بەڵام بۆ ئێمە لە کوردستان بووەتە بازرگانییەکی نێودەوڵەتی و لە سوریا دەیهێنن، بەتایبەتی ئێستا کەسێك هەیە بەناوی (عەبدوڵلا راوی) کە عەرەبە تەنیا لە بەرهەمەکەی من زیاتر لە ١٥ هەزار دانەی کۆپی کردووە و هێناویەتی بۆ کوردستان و بە نرخێکی زۆر کەم دەیفرۆشێت، بۆیە پێموایە ئەم دیاردەیە بۆ ماوەیەکی زیاتریش بەردەوام دەبێت، چونکە ئەو کەسەی کارەکە دەکات ئێمە دەیناسین و بە لایەنی پێوەنداری رادەگەیەنین و هەوڵمانداوە بە رێگایەکی یاسایی دەنگی خۆمان بگەیەنین، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە تۆ لە ئاهەنگێکی تایبەت یان لەگەڵ چەند ها و ڕ ێیە کت گۆرانی دەڵێی هە ڵد ە ستن د ە نگت



تۆمار دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە و بە هەزاران دانەی دەیفرۆشن.

***ئەو (عەبدوڵڵاراوی)یە کێیە و چۆن ئەو کارە دەکات؟**

- بە ئەسڵ عەرەبە و لە حەلەب نیشتەجێیە خاوەن کۆمپانیایەکە کە هەمووی دزی و کۆپی و بێ ویژدانییە بەرامبەر بە هونەری کوردی، ئەو ناتوانێت ئەو هەموو کۆپیانە بهێنێتە کوردستان، بەڵام خەڵکی خۆمان کە هەندێکیان خەڵکی دهۆکن و هەندێکی تریشیان لە هەولێرن، دەچنە لای و کۆپییەکانی بە شاحینە دەهێنن بۆ کوردستان، هەر دانەیەك لە بەرهەمێك یان وێنەیەك بکەوێتە دەست ئەم عەبدوڵڵایە ئیدی بە کوالیتیەکی زۆر لاواز کۆپی دەکات کە نرخەکەی لە چەند سەنتێك تێپەڕ ناکات و دەیهێنێت بۆ کوردستان، جا سیدی و کلیپی هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەبێ ترس و بە لۆگۆی تایبەتی خۆیەوە لە بازاڕەکانی کوردستان دەیفرۆشێت بێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێکی یاسایی لەگەڵدا بکرێت.

*** ئەو بەرهەمەی باست کرد بە هەمان ستایلە ناسراوەکەی حەسەن شەریفە یا گۆڕانکاری تێدا بەدی دەکرێت؟**

-پێموایە ئەگەر هونەرمەند ستایلی خۆی لە دەستدا زۆر شتی دیکەش لەدەست دەدات، بۆیە بە هەمان ستایل و رۆحییەتی بەرهەمەکانی پێشووم دەبێت، بەڵام لەوانەیە لە بواری تەکنیك و هەندێك ئامێرە تۆزێك ئاسانتر و سووکتر بێت بەجۆرێك خەڵك بە ئاسانی تێی بگات.

*** تۆ زۆر سەرکەوتوو بووی لە شیعرە کلاسیکییەکاندا، بیرت لەوە نەکردۆتەوە هەندێك لەو تێکستە کلاسیکیانەی کە بە شێوەزاری سۆرانین بکەیت بە گۆرانی؟**

- شیعرە کلاسیکییە کوردییەکان بە هەردوو شێوەزار تا رادەیەك لە یەکتر نزیکن، چونکە توانیویانە تەنانەت تێکەڵێك لە شیعری عەرەبی و فارسی و تورکیش بەکاربهێنن لە شیعرەکانیاندا، من چۆن شیعری کرمانجیم کردووە بە گۆرانی بەو شێوەیەش حەز دەکەم شیعرەکانی شێوەزاری سۆرانیش بکەم بە گۆرانی و لەگەڵ چەند برادەرێك وەك ئەمین بۆتانی هەوڵمداوە سوود لە شیعری سۆرانی وەربگرم، شیعرە کلاسیکییەکانی حاجی قادری کۆیی و دڵدار و شاعیرانی پێش ئەوانیشم زۆر خوێندۆتەوە و شارەزاییم لێیان هەیە، بەڵام فۆنەتیکی ئەم شیعرانە پێویستیی بە هاریکاری هەیە، بەڵام لە بەرنامەمدایە شیعری هەورامانی و زازاکی و ئەوانیش تریش بکەم بە گۆرانی بە هاوکاری چەند برادەرێك.

*** گۆرانیبێژانی بادینان و سۆران گۆرانییان بە شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی وتووە، پێتوایە ئەو فۆنەتیکەی گۆرانی پێیدەڵێن یان ئەو هەڵانەی لە گۆرانییەکاندا بەدی دەکرێت کاریگەری هەیە لەسەر گۆرانییەکە؟**

- بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردەیە زۆر کۆنە و پێشتریش چەندین هونەرمەند ئەم کارەیان کردووە هەر لە محەمەد شێخۆ و تەحسین تەهاو تایەر تۆفیق و پێش ئەوانیش محەمەد عارف ئەم کارەیان کردووە ئەویش لە عەشقیان بۆ لێك نزیك کردنەوەی دیالێکتە کوردییەکان، بەڵام تەواو دەرچوونی فۆنەتیك تا رادەیەك کارێکی زەحمەتە هەرچەندە بە هەوڵدانی بەردەوام لەوانەیە فۆنەتیکیش سەد دەر سەد دەربچێت ئەمەش کارێکی زۆر باشە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بێت جۆرێك تاموچێژی تایبەتی هەیە، بەڵام نەك بەشێوەیەکی نەنگ بێت، من ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە بڵێم ئێمەی بادینی زیاتر سەرکەوتووترین لەو رووەوە (ئەوە رای تایبەتی خۆمە)، چونکە هەندێك جار لە زاراوەی سۆرانی نێر و مێ زۆر لێك جیا ناکرێتەوە، لە هەمان کاتدا کاتێك ئێمەش وشەکان بەشێوەیەکی قورس دەڵێن هەندێك هەڵەی تێدا بەدی دەکرێت.

*** ئەگەر تۆ هەڵسەنگاندنێکی کارە هونەرییەکانی خۆت بکەی، پێتوایە تا ئێستا خزمەتێکی بەرچاوت پێشکەش بە هونەری کوردی کردبێت؟**

- بەراستی ئەم جۆرە کارانە لە دڵ و ویژدانی میللەتاندا دەمێننەوە و رادەی حەز کردنیان بۆ گۆرانییەکە، ئەم بڕیارە پێویستە میللەت بیدات، لە شێوەی دەنگ و چۆنییەتی هەڵبژاردنی تێکستەکان، پێموایە ستایلی من جیاواز و تایبەتە لە دەڤەری بادینان، توانیومە هەندێك کار بکەم لە خەباتی هونەری شۆڕشگێڕی، هەروەها لە بواری فۆلکلۆر چەندین بەرهەمی کۆنم نوێ کردۆتەوە و پێشکەشی جەماوەرم کردووە، بە جۆرێکی وا هەست دەکەم خۆم دروستم کردووە هەرچەندە خۆیان فۆلکلۆرین ئەمەش لە ئەنجامدانی هونەرێکی بێگەردەوە خۆی دەبینێتەوە، لەلایەکی دیکەوە کاتێك هونەرمەند دەبینێت گەنجان گۆرانییەکانی دەڵێنەوە هەست دەکات کە جۆرە کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر جەماوەر، سەرەڕای ئەوەش ئەو مافە بەخۆم نادەم و میللەت دەبێ بڕیاری لەو جۆرە بدات.

*** یەکێك لە بڕیارە زەحمەتەکان بۆ هونەرمەند ئەوەیە واز لە کاری هونەری بهێنێت، بەڕای تۆ چ کاتێك پێویستە هونەرمەند ئەم بڕیارە زەحمەتە بدات؟**

- ئەو کەسەی کە بەهرەمەند بێت لە هونەر زۆر زەحمەتە ئەو بڕیارە بدات، چونکە تەنانەت ئەگەر لە ماڵی خۆیشی کاری هونەری بکات هەر دەبێت، بەڵام هونەرێکی بێگەرد نەك لاسایی و تەنیا بۆ دەرکەوتن بێت، پێموایە کە هونەرمەند کارێکی دەگمەن و ناوازەی پێشکەش کرد کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە دڵیان بوو و لێی رازی بوون و بزانێت ئایا تا چەند دەتوانێت بەردەوام بێت، چونکە هیچ کەسێك تا هەتایە لە یەك ئاستدا نابێت، ئەو کات هونەرمەند دەتوانێت بەشێوازێکی دیکە کاری هونەری بکات، ئێستا هەندێك هونەرمەند هەن پێموایە ئەگەر بە شێوازێکی دیکە کاری هونەرییان بکردایە و دەستی هونەرمەندە گەنجەکانیان بگرتایە بە ئاواز و هۆنراوە باشتر بوو بۆیان، من خۆم حەز دەکەم هەندێك گۆرانی فۆلکلۆری بەشێوازێکی نوێ پێشکەش و نوێیان بکەمەوە یان کارێکی دیکەی هونەری ئەنجام بدەم بەجۆرێك ئەو هونەر پاك و بێگەردەی پێشکەشم کردووە هەر بە پاکی رابیگرم و وەك سەروەتێك بۆ میللەت بەجێ بهێڵێت و دەست لە کارەکانی دیکە بەردات بۆ ئەوەی هەر بە پاکی بمێنێتەوە.

